# به جیاوازی کردن وەکو شێوەیەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردوستاندا

**د.کەمال سەید قادر**
a7825836@unet.univie.ac.at

ئەوەی مرۆڤ لە زیندەوەرەکانی ترا جیا دەکاتەوە کەرامەتی مرۆڤە کەوا هەمو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە لە لایەنی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوریو کولتوری یەوە، بۆیەشە پێ شێلکردنی هەر یەکێک لە مافەکانی مرۆڤ هێرشێکی ڕاستەوخۆیە دژ بە کەرامەتی مرۆڤ. مرۆڤی مافخوراویش هەروەکو تاقی کردنەوەی مێژو پشانی دەدات هیچ کاتێک ئۆقرە ناگرێ تاکو هەمو مافەکانی خۆیو کەرامەتی بە دەست نەهێنێتەوە کەوا سروشت پێ ی داوە وە ئامادەشە بۆ ئەم ئامانجە گیانی خۆی بەخت کات چونکە ژیانی بێ کەرامەت وەکو مردنی زیندوو وایە. میللەتی کورد ئەم هەمو شەهیدو قوربانی یەی پێشکەش کرد تەنها لە پێناوی کەرامەتی تاکەکەسو میللەتێک بو.

هیچ برینێکیش لە برینی سوکایەتی کردن بە کەرامەتی مرۆڤ کولتر نی یە بۆیە کاتێک ڕژێمە سەرکوتکەرەوەکان دەست درێژی دەکەنە سەر مافی مرۆڤێک لە ڕاستیدا ئامانجیان بریندارکردنی کەرامەتی ئەم مرۆڤەیە بۆ دامرکاندنەوەی کورەی سادی و نەخۆشی لە دەرونی خودی چەوسێنەر خۆی.

ئەوەی ئەشکەنجەی مرۆڤێک ئەدات لە ڕاستیدا هاوار دەکات لە دەست ئێشو ئازاری نەخۆشی دەرونی خۆی ئەگەرنا مرۆڤی ئاسایی خاوەن تەندورستی دەرونی دروست ناتوانێ ئەشکەنجەو ئازاری کەس بدات.

ئەو لێکۆلینەوە زانستیانەی پسپۆرە دەرونی یەکان لە گەل ئەشکەنجەدەرەکانیان کردوە بە دیاری دەخەن کەوا هەر هەمو ئەم جۆرە کەسانە نەخۆشی دەرونیان هەبوە وە مرۆڤی بەدبەختو سەرلێ شێواو بونە هەتا ئەگەر هەندێکیان جار وایە دەسەلاتی زۆریان لە دەست بوە.

جا ئەشکەنجەدان تەنها شێوەیەکە لە شێوەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەلام شێوەیەکی قورسە. لە گەل قورسی ئەم شێوەیەش بنەمایەکی هاوبەش هەیە لە نێوان تاوانی ئەشکەنجەدانو هەمو جۆرەکانی تری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ئەمیش ئەوەیە کەوا بکەرەکانی ئەم تاوانانە هەردەم کێشەی دەرونیان هەیە. جا ئەوەی خەلق دەمکوتدەکاتەوە وە ڕێگا لە ئازادی خەلق دەگرێت وە بە زۆر دەسەلات دەگرێتە دەست یاخود ملکی میللەت دەدزێت ئەوا هەردەم لە ڕوانگەی نەخۆشێکی دەرونی یەوە ئەم کارە دەکات. هەیە هەست بە کەمی دەکاتو هەشە نەخۆشی خۆ بە زل زانینی هەیە وە هەشیانە هەردەم هەست بە ڕاودونان دەکات بۆیە وا ئەزانێ دەبێ دەست پێشخەری بکات وە لە هەمو کەسێک بە گومانە بە تایبەتی لە کاتێکدا کەوا جەهالەتو دەسەلات لە کەسێکدا کۆدەبنەوە دەتوانێ ببێتە نسکۆیەک بۆ مرۆڤایەتی.

کۆمەلگای مرۆڤایەتیش ئەگەرچی لە توانایدا نی یە چارەسەری ئەم هەمو نەخۆشی یە دەرونی یە لە جیهان بکات چونکە هەندێکیان هەر زگماکن وە لە ڕێگای زاوزێوە دەگوێزرێنەوە، بەلام هەولی

داوە ڕێگای تری کاریگەر بدۆزێتەوە بۆ ڕێگە گرتن لەم جۆرە کەسانە لە ئازاردانی خەلقو دەست گرتنە سەر دەسەلات بە زۆر. سیستەمی دیمکراسیو پاراستنی مافی مرۆڤو کەرامەتی لە ڕێگای یاساو دامو دەزگا یاسایی یەکان لە گرنگترین ئامرازەکانن لەم بوارەدا.

پاراستنی کەرامەتو مافی مرۆڤ لە ڕێگای یاساو دەمو دەزگاکانی هەولێکی کۆنە بەلام بە تایبەتی لە پاش جەنگی دووەمی جیهانیدا پەیت بوەو بە شێوەیەکی کاریگەر کەوتۆتە خولانەوە.
مەبەستیش لە مافی مرۆڤ ئەم مافە جیهانیانەن کەوا لە هەمو کۆمەلگای مرۆڤایەتیدا بە بێ گوێدانە ئایینو ڕەگەزو شوێن دانیان پیا نراوە وەکو مافی ژیانو ئازادیو یەکسانی.

یاسای نێو دەولەتی کەوا ئەرکی سەرەکی پاراستنی مافی مرۆڤی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، لە پێناسەیدا بۆ مافی مرۆڤ، مافی مرۆڤ دابەشدەکاتە سەر دوو بەشی بنەڕەتی:

1. مافە مەدەنیو سیاسی یەکان
2. مافە ئابوریو کۆمەلایەتیو کولتوریەکان.

ئەم دوو بەشەش دابەشدەکرێن بە سەر چەند لقێکدا:

1. مافە مەدەنی یە بنەڕەتی یەکان: وەکو مافی ژیانو ئازادی تاکە کەسو یەکسانی لە پێش یاساداو ڕیزگرتن لە حورمەتی مالو ئازادی بیروباوەڕو ئازادی کۆبونەوەو ڕێکخستن.
2. مافە سیاسی یەکان: وەکو مافی بەشداربون لە پرۆسەی سیاسی( بۆ نمونە هەلبژاردن) وە مافی وەرگرتنی هەر پۆستێک لە لایەن هەر هاوولاتی یەکەوە کەوا مەرجە یاسایی یەکان دابین بکات (وەکو بون بە سەرۆکو سەرۆک وەزیرو وەزیر).
3. مافە ئابوری یەکان: وەکو مافی کارکدنو مافی داهاتی عادیلانەو یەکسان بەرامبەر بە هەمان کار وە بەدەستهێنانی ئاستێکی ژیانی شایان بە مرۆڤ بە بێ جیاوازی.
4. مافە کۆمەلایەتی یەکان: وەکو مافی بیمەی کۆمەلایەتیو چاودێری تەندروستیو مافی چاودێری دایکو منال.
5. مافە کولتوری یەکان: وەکو مافی پەروەردەو خوێندن بە هەمو قۆناغەکانی یەوە وە مافی بەرپاکردنی جموجۆلی کولتوری.

بنەمای سەرەکی سود وەرگرتن لەم مافانەش یەکسانی یە. واتە هەمو مرۆڤێک بە بێ گوێدان بە ڕەگەزو، زمانو، ئاینو، بۆچونی سیاسیو، پلەی چینایەتیو کۆمەلایەتی دەبێ بتوانێ سود لەم مافانە وەرگرێ.

به یەکسانی بونی مرۆڤ لە مافەکانیا لە ڕاستیدا ڕوبەڕوی کۆسپێکی زۆر گەورە دەبێتەوە ئەمیش جیاوازی کردنە.

دیاردەی جیاوازی کردنیش لە دابەشکردنی مافەکەندا لە نێوان مرۆڤێکو مرۆڤێک لە سەر بنەمای ناعەدالەتی لە کوردوستان بۆتە دیاردەیەکی سەرەکی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بۆیە ناوەڕۆکی ئەم باسەش هەولدەدات بە شێوەیەکی تایبەت تیشک بخاتە سەر ئەم دیاردەیە.

دیاردەی بە جیاوازی کردن لە کوردوستان

پێناسەی بە جیاوازی کردن هەروەکو لە ڕێککەوتنامە نێو دەولەتی یەکانی مافی مرۆڤەوە هاتوە هەمو جۆرە جیاوازی کردنێک دەگرێتەوە لە وولاتێکدا کەوا ببێتە هۆی زیانی یان سودی کەسێکو گروپێک لە سەر بناغەی ڕەگەزو، ڕەنگو، ئاینو، بیروباوەڕی سیاسیو، شوێنی لە دایکبونی ژیانو، چینو پلەی کۆمەلایەتی ئەم کەسە.
بۆ بەربەرەکانی کردنی دیاردەی بە جیاوازی کردنیش لە کۆمەلگای مرۆڤایەتیدا یاسای نێو دەولەتی چەند ڕێککەوتنامەیەکی تایبەتی تەرخان کردوە کەوا گرنگترینیان ئەمانەن:

1. ڕێککەوتنامەی UN بۆ نەهێشتنی هەمو جۆرە جیاوازی یەکی ڕەگەزپەرستی سالی 1966
2. ڕێککەوتنامەی UNESCO بۆ بەربەرەکانی کردنی هەمو جۆرە جیاوزی یەک لە بواری خوێندندا 1960
3. ڕێککەوتنامەی ڕێکخراوی کاری نێو دەولەتی ILO دژ بە جیاوازی لە بواری کارکردندا 1958
4. جاری گەردونی مافی مرۆڤی بە تایبەتی لە مادەی 2
5. ڕێککەوتنامەی UN بۆ مافە مەدەنی سیاسی یەکان لە مادەی 2
6. ڕێککەوتنامەی UN بۆ مافە ئابوریو کۆمەلایەتیو کولتوریەکان مادەی 2.

ئەوەی لێرەدا پەیوەندی بە کوردوستانەوە هەبێت ئەوا هەرچەندە پێشێلکاری یە قورسەکانی مافی مرۆڤ وەکو کوشتنی بێ یاساییو بێ سەروشوێنکردنو ئەشکەنجەدان لە پاشەکشێ دان، بەلام پێشێلکردنی مافە سیاسیو مەدەنیو ئابوریو کولتوریەکان بەرەو پەرەسەندن دەچێ لە سەر بنەمای بە جیاوازی کردن لە نێوان هاولاتیانی کوردوستان کەوا لە هەندێ حالەتدا گەیشتۆتە پلەی ڕەگەزپەرستی عەشیرەتگەری.

لێرەدا دەتوانین ئەم نمونانە پێشکەش بکەین:

1. مافە سیاسی یەکان: لێرەدا بە تایبەتی تیشک دەخەینە سەر چونی یەتی دابەشکردنی پۆستە گشتی یەکان لە کوردوستاندا.

سەرچاوەی سەرەکی ئەم مافانە جاری گەردونی مافی مرۆڤە هەروەکو لە مادەی 2 برگەی س هاتوە کەوا دەلێت: هەرکەسێک لە ژێر مەرجی یەکساندا مافی وەرگرتنی پۆستی گشتی هەیە لە وولاتەکەیدا، وە هەروەها مادەی 25 برگەی س لە ڕێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ مافە سیاسیو مەدەنی یەکان کەوا دەلێت: هەمو کەسێک لە ژێر چەتری یەکسانیدا دەبێ مافی وەرگرتنی هەمو پۆستێکی هەبێ لە وولاتەکەیدا.

لێرەدا مەبەست لەم مافە ئەوەیە کەوا هەرکەسێک بتوانێت مەرجە یاسایی یەکان پرکاتەوە وەکو بۆ نمونە گەیشتن بە تەمەنێکی تایبەت و هەبونی کەسایەتی تەواوی یاسایی وە بەشدارکردنو بردنەوە لە هەلبژاردندا بۆ پۆستی دیاری کراو، بۆ نمونە بون ئەندامی پەرلەمانو بون بە سەرۆکو سەرۆک وەزیر، ئەوا دەبێ ئەو کەسە جا هەر کەسێک بێت، هەژار یان دەولەمەند، جوتیار یان ئاغا، شێخ یان کرمانج، ئافرەت یان پیاو، دەبێ ئەم پۆستەی پێ بدرێ وە جگە لەم پێوەرە یاسایی یانە نابێ هیچ پێوەرێکی تر وەکو عەشیرەتی یا خێزانی یا هێز بە کار بێت.
ئەم مافە لە کوردوستان بە قورسترین شێوە پێشێلدەکرێت وە لە ڕاستیدا بە دەستهێنانی پۆستێکی گشتی بەرز لە کوردوستاندا تا ئێستا یاخود لە ڕێگای هێزە، یاخود دەستنیشانکرنە لە سەرەوە یاخود میراتە واتە بۆتە مۆنۆپۆل بۆ ئەندامانی خێزانێکی تایبەت. وە هەتا ئەندامانی پەرلەمانیش بە شێوەیەکی تەواو دیمکراتیانە هەلنەبژێراون بەلکو بە شێوەیەکی نیمچە ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای لیستەوە بۆیەشە کۆمەلێک کۆنە جاشو بەعسیو سەرەک عەشیرەتو دەولەمەندو کەسوکاری ئەمو ئەوی تیا خراوە ئەگەرنا ئەم جۆرە کەسانە زۆر زەحمەتبو لە هەلبژاردنێکی ڕاستوخۆدا کورسی پەرلەمانی بە دەستبێنن.
هەتا پۆستە گشتی یەکانی تریش وەکو دادوەرو بە ڕێوەبەری گشتیو وەزارەتو فەرماندەکانی لەشکرو پۆلیس لە لە سەر بناغەی عەشیرەتگەرو حیزبایەتیو دەولەمەندی دابەش دەکرێن نەک لە سەر بنەمای یەکسانی لە نێوان ئەو کەسانەی کەوا مەرجە یاسایی یەکانیان تیا دابین دەکرێت، وە دەتوانین بلێین کەوا هەر یاسایەکی لەم جۆرەش نی یە بەلکو کەسی دەسەلاتدار بڕیار دەدات بە گوێرەی هەوەسی ئەم ڕۆژەی خۆی.
بنەمالە هەیە لە کوردوستان خۆیان تەوای دەولەتن بە سەرۆکو، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو، وەزیرو، فەرماندەی لەشکرەکانو، نوێنەرەکانی دەرەوەوە، کەچی ئەگەر بە تواناو لێ هاتویی بێت لەوانەیە هەندێکیان نەتوانن نانی ڕۆژانەی خۆیان دابین بکەن چونکە لە مشەخۆری ڕاهاتون وە بە ماندوبونی خەلقی تر دەژین.
وە پۆستی نزمتریش وەکو بەڕێوەبەری گشتی بۆ نمونە دەدرێ بە دارو دەستو مورید جا لەوانەیە ئەو کەسە بەلگە نامەی سەرەتایی هەبێت وە خاوەن بەلگەنامەی بەرزو خزمەت زۆریش دەبێ لە سوچێکەوە ئاخ بۆ ئەم ناعەدالەتی یە هەلکێشێت.
ئەم جۆرە دیاردەیە جگە لە مالکاولیو وێرانیو دواکەوتن هیچ ئەنجامێکی تری نی یە ئەوا نمونەکان لە عێراقی ژێر ڕژێمی بەعسو سۆمالی پێشوو زۆر شوێنی تر نمونەی زیندوی ئەم ڕاستیەن.

2. مافە ئابوری یەکان: سەرچاوەی ئەم مافانەش بە تایبەتی لە جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ خۆی دەگرێتەوە کەوا لە مادەی 23 بڕگەی 2 دەڵێت: هەمو کەسێک بە بێ جیاوازی مافی کارکردنو موچەی یەکسانی هەیە بۆ کاری یەکسان. وە هەروەها ڕێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ مافە ئابوری کۆمەلایەتیو کولتوریەکان لە مادەی 7 بڕگەی 2 دا دەڵێت: هەمو کەسێ دەبێت هەلی یەکسانی پێ بدرێت لە بواری پیشەکەی خۆیا بۆ پلە بەرزبونەوە وە نابێ هیچ پێوەرێکی تر بە کار بێت جگە لە تواناو ماوەی خزمەتکردنی ئەم کەسە. وە هەروەها ڕێککەوتنامەی قەدەغەکردنی جیاوازی لە مادەی یەکەمیدا دەڵێت: هەر جۆرە جیاوازی کردنێک یاخود دورخستنەوەیەک یاخود پێشخستنێک لە سەر بنەمای ڕەگەز، ڕەنگ، جێندەر، ئاین، بیروباوەڕی سیاسی، شوێنی لە دایکبونو ژیانو پلەی چینایەتی کۆمەلایەتیدا کەوا بتوانێت کاربکاتە سەر هەلو شانسی یەسکسانی هاولاتیان یاخود هەلسوکەوتکردنی بە جیاواز لە مەیدانی کاردا قەدەغەیە.

واتە هەمو ئەم مرۆڤانەی کەوا مەرجی یەکسانیان تیا دابین بە دی دەکرێت، بۆ نمونە خاوەن هەمان بەلگەنامەن یاخود هەمان کار دەکەن دەبێ بە شێوەیەکی یەکسانی موچە وەرگرن وە بە هەمان شێوە وە لە سەر بنەمای یەکسانی پلەیان بەرزکرێتەوە وە هەر هەمان مەرج بە سەر هەمویاندا بچەسپێنرێ.

ئەوەی لە کوردوستاندا دەیبینین پێشێلکردنێکی زەقی ئەم مافانەیە. یەکەم خال ئەوەیە کەوا مافی کارکردن بە تایبەتی لە هەندێ بواردا بۆ هەمو هاولاتی یەک نی یە بەلکو لە هەردو ئیدارەدا بۆتە مۆنوپۆل بۆ ئەندامانی هەردو حیزبی سەرەکی یاخود کەسو کاری لێپرسراوان وەکو دەزگاکانی پۆلیسو ئاسایشو ڕاگەیاندنو کارکردن لە نێوەندی وەزارەتەکان بۆ نمونە. موچەش بە شێوەیەکی گشتی بە پێ ی پلەی حیزبی دیاری دەکرێت. دانی ناونیشانی بەڕێوە بەری گشتی کەوا ئامانجی سەرەکی بەرزکردنەوەی موچەکەیەتی تەرخانکراوە بۆ ئەندامانی هەرد حیزب بە بێ گوێدانە بەلگەنامەو کاتی خزمەتکردن. مامۆستایەکی زانکۆ ئەگەر پلەیەکی حیزبی نەبێت ئەوا دەبێ دور لە پشت هەلگری بەلگەنامەیەکی دواناوەندی یاخود هەتا ناوەندی بەلام چەکدار ڕیز بگرێت. وە ئەگەر کەسێکیش هەم ئەندامی حیزبی سەر دەسەلات بێو هەم ئەندامی خێزانێکی تایبەت ئەوا پلەکەی هەر لە سەرەتاوە بەرزە وەکو چۆن بەڕێوەبەری ناحیەو قەزاکان تایبەتە بە کەسوکاری لێپرسراوانو سەرۆک هۆزو عەشیرەتەکان.
دیاری کردنی پلەی ئەفسەرانی پۆلیسو لەشکریش هیچ پێوەرێکی یاسایی نی یە بەلکو بە گوێرەی پلەی حیزبایەتیو خێزانی بەرز دەبێتەوەو ئەستێرە ڕیز دەکرێت. پێشمەرگەیەک هەرچەندە کۆن بوبێتو قوربانی دابێت بەلام ئەگەر لە ڕیزی یەک لەم دوو حیزبە سەرەکی یە نەبێت یاخود ڕیزی نەگۆڕێت ئەوا هەردەم حیسابی جاشێکیشی (بە نەعلەت بی) بۆ ناکرێت کەوا پاش ڕاپەرین وە بە تایبەتی لە کاتی شەڕی براکوژیدا خۆی خشاندبێتە ناو ڕیزەکانی یەکێک لەم دوو حیزبە. وای لێ هاتوە هەتا فایلداریو سیخوڕیش بونەتە پێوەرێک بۆ پلە بەرزبونەوە لە ناو حیزبو حکومەتدا.

بێ گومان بون بە ئەندامیش لە خێزانێکی تایبەتی سەر دەسەلات وەکو پسولەی بە ملیۆنێر بون وایە. کۆمپانیاو کارگەکان بە مولکی شەرعی خۆیان دەزانن جگە لەوەش کەوا هەر بودجەی کوردوستانو هەمو داهاتەکانیشی بە داهاتی تایبەتی چەند خێزانێک دادەنرێت لە کوردوستان کەوا نەختێکی دەکەن بە خێرو بێر بۆ موریدەکانیان پاش پاڕانەوەو خۆ چەماندنەوەو دەست ماچ کردنێکی زۆر.

3. مافە کولتوریەکان: سەرچاوەی ئەم مافانە بە شێوەیەکی سەرەکی ڕێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتوەکانە بۆ مافە ئابوریو کۆمەلایەتیو کولتوریەکان کەوا لە مادەی 13 بڕگەی 2 دا هاتوە: هەمو کەسێک مافی خوێندنی هەیە بە خوێندنی بالاشەوە بە خۆڕایی وە لە سەر بناغەی توانای ئەم کەسە.

هەروەها لە مادەی 1 ی ڕێککەوتنامەی UNESCO ی دژ بە دیاردەی جیاوازی کردن لە بواری پەروەردە هاتوە: هەمو جۆرە جیاوازی کردنێک لە سەر هەر بناغەیەک بێت کەوا بتوانێ کار لە یەکسانی لە مافی خوێندنو پەروەردە بکات قەدەغەیە.

وە لە مادەی 3 بڕگەی 2ی هەمان ڕێککەوتنامە هاتوە: نابێت هیچ جیاوازی یەک لە نێوان هاولاتیان بکرێت لە بواری ڕێگا دان بۆ خوێندنو دابەشکردنی زەمالەو وەرگرتنو دابینکردنی دامو دەزگاکانی خوێندن تەنها لە سەر بناغەی توانا نەبێت.

ئەوەی نەختێک ئاگاداری بواری پەروەردەو خوێندن بێت لە کوردوستان بە تایبەتی خوێندنی بالا ئەوا دەزانێت کەوا هاولاتیانی کوردوستان تا ئێستا هەر ناتوانن خەونیش بەم مافانە ببینن. کورسی یە کانی خوێندنی بالا وەکو دیاریو پاداشت دابەش دەکرێن بە سەر ئەندامانی هەردو حیزبو کەسوکاری لێپرساوان بە بێ گوێ دانە توانایان هەیانە هەر بە توانای خۆی نەهاتۆتە زانکۆو دەرچونیشی هەر بە هەولی حیزب بوە، لە کاتێکدا قوتابیانی بێ لایەن یاخود سەر بە لایەنی سیاسی تر هەرچەندە لێ هاتوو زیرەکیش بن ئەوا هەر دەبێ لە دورەوە سەیری کورسی یەکانی خوێندنی بالا بکەن.

جا خۆ وەرگرتنی قوتابیانیش لە کۆلێجە خوازراوەکان وەکو پزیشکیو ئەندازیانری بۆ هەندێ نەک هەر پلەی ناوێت بەلکو بەلگەنامەی دواناوەندیشی پێ ویست نی یە. گرنگ ئەوەیە لە خێزانو عەشیرەتی بە دەسەلاتو ئەندامی حیزبی سەر دەسەلات بیت ئینجا دەتونی ببیت بە پزیشکو ئەندازیارو یاساناس. زەمالەی خوێندنیش بۆ دەرەوە ئەوا تا ئیستا هەر مولکی ئەم دوو حیزبە بوەو هەر بۆ ئەندامانی ئەوان بوە، بۆ خوێندنی دەرەوەی کەسوکاری خێزانانی خاوەن دەسەلاتیش زەمالە هەر پێ وویست نی یە، چ زۆرە پارەی میللەت زۆرە.

دیاردەی جیاوازی هەتا شوێنی خەوتنی قوتابیانیشی گرتۆتەوە. بەشی ناوخۆیی هەیە تایبەتە بە ئەندامانی حیزبی سەر دەسەلات، لەوێ قوتابیان هەروەکو قوتابیانی ئەورپا دەژین، لە دوری ئەوانیشەوە بەشی ناوخۆیی تر تەرخانکراوە بۆ ئەوانی تر، کەوا یەکسەر دەناسرێنەوە لە ڕێگای جەلیکانی ئاوی کڕیاریو بێ کارەباییو کەلاوەیی.

بۆیە شە زانکۆکانی کوردوستانو بنکەکانی لێکۆلینەوە بونەتە بنکەکانی بیرۆکراتیەت کاولگەی زانستی، نە لێکۆلینەوە دەکرێو نە تۆژینەوە بەلکو پلەی پرۆفیسۆری دەتوانرێ بە تەزویر وەرگیرێ مامۆستای زانکۆش زۆریان وەکو فەرمانبەر هەلسوکەوت دەکەن چاوەڕوانی تەواوبونی دەوامن.

پێ دەچێ بلاو کردنەوەی جەهالەت لە  کوردوستان دەستێکی ئەنقەستی تیا بێتو بە ڕادان درابێت، ئەگەر نا زانکۆی وا تەنها لە سیستەمە هەرە شمولی یەکان دەبینرێت ئەمانیش هەمویان نا، چونکە هەندێک لەو سیستەمانە بە لایەنی کەمەوە گرنگی بە زانستە سروشتی یەکانو تەکنۆلۆجیا دەدەن بەلام لە کوردوستنان بە هیچ کامیان لە ئەوانەو نە زانستە مرۆیی یەکان.

ئەو کەسەی میللتی خۆی بە گێلو ترسنۆک تێ بگات ڕۆژەکانی ژمیرراون.